## بە ڕاستی سەیرە کاک نەجوا هەولێری!!!! ... هاوکار عەلی

بەڕاستی بەزەییم پێتدا دێتەوە، چونکە تۆی بەستەزمان و نەوێر لە شەرما و بروا بە خۆت نە بوو، هەر جارەو بە ناوێکەوە لە سەر ئیسلامیەکان بە تایبەتی یەکگرتوو دەنوسیت، لە بەر ئەوەش بەزەییم پێتدا دێتەوە، چونکە دەڵێیت موسڵمانم، کەچی پێخۆشحالی مزگەوتەکان لە موسڵمانەکان قەدەغە بکرێت بە ناوی حیزبایەتییەوە.

تۆ دەنوسیت (لە گەڵ دەستە خوشکەکانمدا بریارمانداوە زیاتر مەرامە گڵاوەکانتان ئاشکرا بکەین) . هەرچەند باشتر وابوو ئەندامانی یەکگرتوو خۆیان وەڵامی تۆیان بدایەتەوە، بەڵام من وەکو کەسێك کە یەکگرتووم لە پارتەکەی نجوا پێ باشترو بۆیە بێدەنگ نابم لە ئاستی ناڕاستیێ کان، وە لە هەمان کاتدا دەستخۆشی لە تۆ دەکەم ئەگەر ڕاستیێ کان وەکو خۆی دوور لە بیری تسکی حیزبایەتی بڵاوکەیتەوە، تۆ دەڵێیت، من کەسێك بووم لە ناو خوشکانی یەکگرتوو، دووریش نییە وابێ لەوانەیە بۆ سیخوری ڕۆشتبیتە ناویان، بەڵام تۆ ئەگەرڕاستگۆ بویتایە یان بڵێن نوسەرێکی خاوەن هەڵوێست بویتایە دەبوایە کاتی خۆی مەرامە گڵاوەکانیانت دەست نیشان و بڵاوبکردایەوە وەکە خۆت دەڵێت.

دەنوسیت (چارە نوستان وەك هەردوو مەلاكەتان ئەحمەد و ئەنوەر دەبێت)

منیش دەڵێم گەر دەتەوێ ویژدانت ئاسودە بێت و باوەش بۆ ڕاستێکان وواڵا بکەی و خۆڵ بە چاوی خۆتا نەکەی، چەند ساتێك لە کاتی خۆت تەرخان بکە، برۆ بۆ سایتی مامۆستا سەید ئەحمەد www. saydahmad. com بزانە لە پێناوی چیدا بۆیان نییە ووتار بدەن، دەشزانم ووەڵامت چییە، دەڵێت من نامەوێ گوێ لەو کەسانە بگرم کە پاڵپشتی تیرۆریستانن، من نازانم بۆ دەبێ مەلایەك پرسیارەکانی جەماوەر بەرەو ڕووی حکومەت بکات ئیتر بۆی نییە ووتار بڵێ!!!!!خۆ ئەوان سەرەتا نەفرەتیان کردووە لەو دڕندایەتییە و دوای ئەوە ڕەخنەو پێشنیارو پرسیارەکانی جەماوەریان لە پارتەکەت کرد، ئەوان ووتیان کێ زاناکانی پەروەردە کرد؟؟؟111!چی مەسولێك یارمەتی داون؟؟؟!!!! سەر بە چی حیزبێك بوون؟؟؟!!! چەند ساڵە کێ پەنای داوون؟؟؟؟!!!!چەندین پرسیاری تر، چونکە تۆ کەسێکی سەر بە دەسەڵات حکومەت بە ڕەوا دەزانی و ئەو دوو مامۆستایە بە نا ڕەوا، باش دەزانی ئەمە یەکەم جار نییە مامۆستا سەید ئەحمەد دوور دەخرێتەوە لە ووتاردان لە لایەن ئێوەوەو بەعسێ کانیشەوە کاتی خۆی هەمان کێشەیان بۆ مامۆستا دروست کرد، لە بەرئەوەی ئێوەش پەروەردەی دەستی بەعسن و لەوانەوە فێربوون، قوتابی دەستی ئەوانن، بۆیە بە هەمان یاسا ڕەفتار دەکەن لە گەڵ حەق بێژەکان، پێم وایە خراپتریشتان لێدەوەشێتەوە، هەر وەکە کرتان بەرامبەری مامۆستا ئەنوەر خۆشناو بە بەرچاوی نوێژ کەرەکانەوە.

هەروەها دەنوسیت (لە مەودا ناتوانن برسیەتی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوەو منداڵە هەژارەکانی کوردستان ئەو پارە حەرامەیان ناوێت)

چونکە تۆ سەر بە. . . . . . . . . . ت، نەك نوسەر، هە بۆیە چاوەکانت نابینا یەو ڕۆشنای نابینێ، ئەگینا یەکگرتوو ئەو حیزبە بوو لە کاتی نەهامەتی و برسێتی یەکەدا توانی بە یارمەتی موسڵمانان و ئەندام و لایەنگرانی لە دەرەوەی کوردستان بە سواڵ کردن پارە کۆکەنەوەو بەبێ جیاوازی لەنێوانی ئیسلامی و نا ئیسلامی و چەپو ڕاست، دابەشی کات بە سەر منداڵە بێ نازەکانی کوردستان، کە زۆربەیان بە دەستی بکەرانی شەڕی ناوخۆیی بێ کەس کران، پارتی و یەکێتیش سەروەت و سامانی کوردستانیان دەدا بە چەك و تەقەمەنی بۆ گیانی یەکتری، لە سەر تەپۆلکەیەك هەزاران کوڕی خەڵکیان بە کووشت دا، ئێوە

منداڵانتان هەتیو دەکرد، بەڵام یەکگرتوو سیانزە هەزار هەتیوی بەخێو دەکرد و ڕۆژێ لە ڕۆژان دەستی سور نەبووە بە خوێنی تەنها کەسێ، چونکە بڕوای بە زەبرو زەنگ و زۆرداری نییە.

دیسان دەنوسیت (لە تەلەفزیونە شەقو شڕەکەتان و جەریدە ڕزیوەکەتان) .

بەڵێ ئەمەت ڕاستە کە تەلەفزیونەکانیان شەقو شڕە، چونکە یەکگرتوو، ناتوانێت، وەکو ئێوە دوو کەناڵی ئاسمانی و دەیان کەناڵی ناوخۆیی بکاتەوە، لە سەر خوێنی شەهیدان و کەسو کاری شەهیدانیش ئاو و کارەبایان نییە و مەسولەکانیش ئاوی موعەقەم دەخۆنەوە و لە کۆشکە چوار نهۆمەکان بە کاردەهێنن، ئەگەر تەلەفزێونەکانی یەکگرتوو شەقو **split** شڕیش بێت ز و ر ئاساییە، بەڵام تەلەفزێونەکانی ئێوە بەرەڵایی و درۆی شاخدار زیاتر چی تێدایە، ئەوەتا کە سانێك بە ناوی گۆرانی بێژەوە ئافرەتانی ناو قەحبەخانەکان و دیسکۆکان دێنن بە ڕووتی، قون بادەدەن و کولتوورو داب و نەریتی کوردەواری بەرەو هەڵدێر دەبەن، بگرە گۆرانی ڕەسەنی کوردیش لە ناو دەبەن

ڕۆژنامەو گۆڤاوەکانی یەکگرتوو زۆر جیاوازی هەیە لە ڕۆژنامە بە ناوبانگەکەی خۆتان کە لاپەرەی یەکەمی بە وێنەیکی رووت دەڕازێننەوەو زۆربەی هەواڵەکان بە پێچەوانەوە دنوسنەوە، ئەگەر لە بەژەوەندی حیزبەکاتان نەبێت، وەکو چۆن پێش چەند ڕۆژێك کەسێك بابەتێکی نوسی لە سە ڕۆژنامەی خەبات کە دەقە ئینگلیزێکەی وەکو بەلگە هێنابووە بۆتان.

تۆ بە تاوانی دەزانی ئیسلامێکان بەرگری لە خۆیان بکەن دەنوسیت (ئەوا ئێستا مەگەر هەر جنێو بەم وەزیرو بەو نوسەر و فلان حزب بدەن) بەڵام ئەوەی لە نوکی قەڵەمە شکاوەکەی خۆتەوە دێتە دەرەوە بە ڕەخنەو ڕەوای دەزانی، بەرامبەرەکەتیش بە جنێو فرۆش.

لە کۆتایدا داواکارم کاتێك بابەتێك دەنوسی، بە ناوی خوازراوەوە کەسێك، ئامادە بکە لە پێشدا، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بکات بە خاوەنی ناراستەقینەی نوسینەکانت، ئەگینا بە وێنەی گۆڤارو سایتە ئینتێرنێتەکان ئەم خەڵکەت بۆ ناخەڵتێ.

تێبینی

1 دەبوایە ئەندامانی یەکگرتوو خۆیان وەڵامیان بدایەتەوە

2 من تەنها ویژدانم هانی دام چەند ڕاستییەك رونکەمەوە، ئەگینا من وەکو حزب پەیوەندم بە یەکگرتووەوە نییە

3 من نوسەر نیم داوای لێبوردن دەکەم لە کەم و کەرتی چونکە یەکەجارە دەنوسم

سەرچاوەکان

1 http://kurdistannet. org/9-2005/15-9/kelednyai. pdf

2 http://kurdistannet. org/9-2005/20-9/bobrayani. pddm